# وانەکانی هجرەتی
# پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) بۆ مەدینە

[ بە کوردی ]

دروس وعبر من هجرة النبي صلى الله عليه وسلم إلى المدينة

[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : زاگرۆس هەمەوەند
الكاتب : زاكروس هموند

پێداچونەوە: پشتیوان سابیر عەزیز
المراجعة:بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة
بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# وانەکانی هجرەتی
# پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بۆ مەدینە

سـوپاس و سـتایش بـۆ خـوای گـەوەر و میهـرەبـان درود و ڕەحمـەتـی فـراوانیش بـۆ سەرگیانی پاکی پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی کوڕی عەبدوڵڵای و سەرجەم هـاوەڵ و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

پەروەردگاری بەسۆزو میهرەبان موحەمەدی کۆتا پێغەمبەری هەڵبژارد تاوەکو هزرو بیـری مرۆڤەکان لە بت پەرستی یەوە بگۆڕێت بۆ یەکتاپەرستی خۆی تاوەکو لـەو ڕێگایـەوە دڵ ودەروونیان بە ڕووناکی ئیمـان ئـاوەدانکاتـەوە و لـە ژەنـگ وژاری بـت پـەرسـتیش پاکیـان بکاتەوە ، بۆ ئەم مەبەسـتەش کـەسـانی خـاوەن ژیـری و خـاوەن هـۆش هـەر زوو خێـرا وەڵامی پەیامەکەی پێغەمبەری خودایان دایەوە ( صلی الله علیه وسلم ) ، کەسـانێکی تری گەمژەو بیرو هۆش پووچیش بوونە ڕێگر و بەربەسـت لەبـەردەم بانگـەوازەکـەیدا ، و هەموو ڕێگایەکیشـان گرتەبەر تاوەکو پەیامی ئیسلام و یـەکتاپـەرسـتی نـەگاتـە گـوێ و مرۆڤەکان و دەسـتیان کـرد بـە ئـازارو ئـەشـکـەنجـەدانـی شـوێن کـەوتـوان و هـاوەڵـانی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) .

هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بوو پێغەمبـەری ئـازیز (صـلی الله علیـه وسـلم ) سـەیـری دەکرد کە لە توانایدا نیە ڕێگـری بکـات لـەو هـەمـووە ئـەشـکـەنجـەو ئـازارە ، بیـری لـەوە کردەوە کە جێگایەکی دیکە هەڵبژێرێت تاوەکـو خـۆی و هـاوەڵـە بـەڕێـزەکـان بـە ئـازادی بەندایەتی خوای گەوەرەی تیادا بکەن و ئەو کەسانەشـی ڕزگار بکات کە ئـەشـکـەنجـەو ئازار دەدران .

ئەوە بوو پێشـەوای مرۆڤایەتی شـاری مەدینەی منەوەرەی هەڵبژارد تـاوەکـو کـۆچی بـۆ بکات بەو کۆچەش یەکەم بەردی بناغەی دەوڵەتی ئیسلامی دامەزراند .

نامەوێت لەوە زیاتر سـەرتان بە پێشـەکی بابـەتـەکـەمـەوە بئێشـێنم هـەر کـەس لـەو کۆچکردنە وورد ببێتەوە و بەیاشـی دیراسـەی بکات ئەوا چـەنـد وانـەو ئامۆژگاریـەکـی زۆر بەنرخی بۆ دەردەکەوێت ، لەوانەش :

**یەکەم :** لەگەڵ ئەوەی مرۆڤ پشـت بە خوای گەورە دەبەسـتێت پێویسـتە لە هـەمـان کاتیشـدا هەموو ئەو هۆکار و ئەسبابە مادیەکانی لەبیر نەچێت ، هەروەك چۆن پێغەمبەر

(صلى الله عليه وسلم ) لەسەرەتاوە عەلی کوری طالبی لە جێگاکەی خۆی دانا ، تاوەك بێ باوەڕەکان وا بزانن کە خۆی لەوێ ماوە ، دواتریش ئەبو بەکری صدیقی هەڵبژارد بۆ هاوەڵی سەفەرەکەی ، بۆ شارەزای ڕێگاکەش عەبدوڵڵای کوری ئەریقطی دەست نیشان کرد ، چونکە کەسێکی زۆر شارەزا و چاو کراوەی تەواوی ڕێگاکانی ئەو ناوچەیە بوو ، لە هەمان کاتیشدا ئەسمای کچی ئەبو بەکریشی دانابوو کە نان و توێشووی سەفەریان بۆ بهێنێت ، عەبدوڵای کوری ئەبو بەکریش هەواڵی شاری مەککەیان بێ بگەیەنێت ، لەسەروو هەموو ئەمانەوە پاراستنی نهێنی و زانیاری ئەم کۆچە کە تەنها بە هاوەڵی سەفەرەکی ئەبوو بەکر بڵێت ( خوای لێ ڕازی بێت ) ، لەگەڵ گرتنە بەری ئەم هەموو هۆکار و ئیحتیاطانە پێغەمبەری خوا (صلى الله علیە وسلم ) ( توكل ) و پشت بەستن بە پەروەردگاری لە یاد نەکردبوو .

**دووەم :** یەك لای بوونەوە ودڵسۆزی بۆ خوای گەورە و پەیامەکی ( الاخلاص ) و دوور کەوتنەوە لە مەرامی شەخصی و بەرژەوەندی تاکە کەسی ، پێغەمبەری خوا (صلى الله علیە وسلم ) ئەگەر لە پێناو خوای گەورەو پەیامە پیرۆزەکەی نەبوایە ، ئەیتوانی لەشاری مەککە بمێنێتەوە و هەرچیەکیشی داوابکردایە لە بێباوەڕەکانی مەککە بۆیان جێ بەجێ دەکرد ئەگەر ئەو وازی بهێنایە لە بانگەوازەکەی ، بەڵام ئەوەی نەکرد و ئامادە بوو هەموو ئێش و ئازار و ناڕەحەتی و غەریبیەك قبوڵ بكات لە پێناو خوای گەورە و چەسپاندی یەکتپەرستی پەروەردگار .

**سێهەم :** میانەڕەوی و ئیعتدال لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا ، بەو مانایەی پێغەمبەری خوا (صلى الله علیە وسلم ) ئەو ڕۆژەی لە مەککە دەرچوو کە چەند بە دڵ تەنگی و ناڕەحەتی دەرچوو ، متمانەو ثقەی بە پەروەردگاری باڵادەست لاواز نەبوو ، بە هەمان شێوەش کاتێك بەسەر بەرزی لە فەتحی مەککەدا دەگەڕێتەوە ئەو شارە بە هیچ شێوەیەك بیر لە تۆڵە سەندنەوە ناکاتەوە ، دڵ و دەروونی چۆن بوو کاتێك ئازار دەدرا هەر بەو شێوەیە بوو کاتێکیش کە بانگەوازەکەی هەموو نیوە دوورگەی عەرەبی گرت ، چونکە ئەو هاتوە ڕەحمەت و بەرەکەت بێت بۆ تەواوی سەرزەوی ، هەر بۆیە کاتێکیش دێتەوە بۆ مەککە لە هەمویان دەبورێت چەند کەسێکس زۆر کەم نەبێت .

**چوارەم :** لە هجرەت و کۆچەوە ئەوە فێر دەبین کە سەرەنجام و عاقبەت بۆ خواناسان و لە خواترسانە ، پێغەمبەری خوا (صلى الله علیە وسلم ) و هاوەڵە

بەڕێزەکان ناڕەحەتی و ئەشکەنجەی زۆریان چەشت هەر لەسەرەتای بانگەوازەکەوە و دواترلێیش لە ڕووبەڕوو بونەوەیان لەگەڵ پت پەرست و بێباوەڕاندا ، زەمەنێك باوەڕداران ژێر دەستەوە و لاواز بوون ، بەڵام ئەوەتانێ پەروەردگار هجرەت و کۆچکردن بۆ مەدینە دەکات بەسەرەتای سەرکەوتن و بڵاو بوونەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ، ئەو هاوەڵە بەڕێزانەی کە لە شاری مەککەدا لاواز و ئەشکەنجە دەدران و ژێر دەستەی بێباوەڕان بوون ، پاش کۆچکردن خوای گەورە عززەتی پێبەخشین و موڵکی کسری و ڕۆمی خستە ژێر دەست و حوکمیانەوە .

**پێنجەم :** ڕاوەستاوی و ثەباتی ئەهلی ئیمان ، ئەوەش لەوەدا دەردەکەوێت کاتێك کە ئەبوو بەکری صدیق ( خوای لێ ڕازی بێت ) بە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) دەڵێت لە ئەشکـــــەوتی ( ثور ) ، ئەگەر بێاوەڕان سەیری قاچی خۆیان بکەن دەمان بینن ، ئەویش لەوەڵامی ئەبو بەکردا زۆر بە باوەڕ بوون بە خوای گەوەرە پێ ی دەڵێت : (**ما ظنّك باثنين الله ثالثهما** ) واتە : گومانت چۆنە بە دوو کەس کە سێهەمیان پەروەردگار بێت ، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە باوەڕدار و شوێن کەوتوانی ئیسلام زۆر دڵنیان لەوەی کە پەروەردگاری باڵادەست لە کاتی ناڕەحەتیدا دێت بەهانایانەوە وبێ ئاگا نیە لێیان و دەیان پارێزێت ، بەمەرجێك ئەوانیش لە خۆشی و ئاشتیدا پەروەردگاریان لەیاد نەکردبێت . بە پێچەوانەی درۆزن و دووڕووەکانەوە کە تەنها بە تاکە هەڵوێستێکی ناڕەحەت و ناخۆش خێرا پەشیمان دەبنەوە و بە هیچ شێوەیەك بەرگەی ناڕەحەتی و چەرمەسەری ناگرن لە پێناو خوای گەورە دا .

**شەشەم :** هەرکەس بەرنامە و سنوورەکانی خوای گەورە بپارێزێت بێگومان پەروەردگاریش ئەو دەپارێزێت ، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) بەچ شێوەیەك لەگەڵ هاوەڵە بەڕێزەکانیدا بوون بە کاروانی یەکەم و بەردی بناغەی ئەم بانگەوازەو هەموو ناخۆشی و ئێش و ئازارێکیان قبوڵ کرد لە پێناو خوادا ، پەرورەدگاریش ئەوانی پاراست و ڕگاری کردن لەدەست بێباوەڕان ، کاتێك سەرنج دەدەیت کە پێغەمبەری خوا بەهەموو باوەڕبونێك بە خوای گەورە (صلى الله عليه وسلم ) پاش ئەوەی کە خۆڵ دەپرژێنێت بەسەر پت پەرستەکاندا و پشت بە خوا دەبەستێت و بەناویاندا تێپەڕ دەکات بە بێ ئەوەی ببینن و هەستی پێ بکەن ، ئەوەیە مانای ( احفظ الله يحفظك ) .

**حەوتەم :** سەرکەوتنی پەروەردگار لە گەڵ ئارام گرتندایە ، پەروەردگار دەیتوانی بێ ئەوەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) و هاوەڵەکانی تووشی ناڕەحەتی و ئازار و ئەشکەنجە ببن سەریان بخات و دینەکەی خۆی بڵاو بکاتەوە ، بەڵام ئەبێت ئەوە بزانین ئەوە لە سوننەتی خوای گەوەرەدا نیە ، بەڵکو خوای گەورە دەیەوێت بزانێت تا چ ڕادەیەك ئیمانداران خۆ گرن و بەرگەی ناڕەحەتیەکان دەگرن ، لەهەمان کاتیشدا بۆ ئەوەی پلە و پایەی پێغەمبەرەکەشی بەرزتر بکاتەوە و ببیش بێت بە وانەیەك بۆ تەواوی ئیمانداران لەسەر صەبر و خۆڕاگری .

**هەشتەم :** هجرەت و کۆچی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) بوو بە مایەی زیاتر بڵاو بوونەوە و ناساندنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ، لە کاتێکدا ئەگەر هەر لە مەککەدا بمایاتەوە ، قەتیس ئەما و بێباوەڕان بانگەوازەکەیان کپ دەکردەوە .

**نۆیەم :** هەر کەس لە پێناو خوای گەورە واز لە ماڵ و سەروەت سامانی دونیا بهێنێت پەروەردگار لە دونیاو قیامەتیشدا بە باشتر و چاکتر تۆڵەیان بۆ دەکاتەوە ، باوەڕداران لە مەککەدا لە پێناو پەروەردگاریان دەستیان هەڵگرت لە تەواوی بەرژەوەندیەکانی خۆیان ، لەبەرامبەریشدا خوای گەورە موڵکی سەرزەوی خستە ژێر دەستیانەوە و دەوڵەمەندی کردن .

**دەیەم :** کۆچ و هجرەتی نەبەوی وەرچەرخانێکی یەکجار گەورە بوو لە مێژووی موسڵمانان‌دا ، وەرچەرخان لە لاوازی بێ دەسەڵاتیەوە بۆ دروست کردنی دەوڵەت و ئیمراتۆریەتی گەورەی ئیسلام کە پاشتر رۆژهەڵات و ڕۆژئلوای گرتەوە .

**یانزهەم :** بەرزڕاگرتنی ڕۆڵی مزگەوت و خودا پەرستی تیایدا ، یەکەم کاری پێغەمبەری خوا لەیەکەم ڕۆژی گەشتنیەوە بە شاری مەدینە دروست کردنی مزگەوت بوو ، چونکە مزگەوت تاکە جێگایەك بوو لەو ڕۆژگارەدا بۆ کۆکردنەوە و بەیەك گەشتنی باوەڕ داران بەیەکتر ، سەرە ڕای ئەمەش مزگەوت ئەو جێگایە بوو کە موسڵمانان بە ئاشکرا و بە کۆمەڵ نوێژ و بەندایەتیان تیادا دەکر ، کە ڕۆژگارێك بوو هەموویان بە نهێنی و بە فەردی نوێژەکانیان ئەنجام دەدا ، ڕۆڵی مزگەوت لەو ڕۆژگارەدا بارەگای سەرەکی دەوڵەتی ئیسلامی بوو .

**دوانزەهەم :** گرنگی ڕۆڵی ئافرەت لەم کۆچە پڕ بایەخەدا ، وەك باسمان کرد ، ئەو ڕۆڵەی ئەسمای کچی ئەبو بەکری صدیق بینی ( خوایان لێ ڕازی بێت ) هیچی

کەمتر نەبوو لە ڕۆڵی پیاوان ، کاتێك توێشە بەرەکەی پڕ دەکر لە نان و خواردن و زۆر بەجەرگ و دڵێکی پڕ لە ئیمان و چاو نەترسیەوە دەیگەیاندە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) و باوکی بەڕێزی .

**سیانزەهەم :** نەهێشتنی ڕەگەز پەرستی و دوژمنایەتی و خوێن ڕشتن ، لەبەرامبەر ئەمەشدا برایەتیەکی بەهێزی خستە نێوان هاوەڵەکانیەوە لە مهاجر و ئەنصاریەکان ، چونکە پێش هجرەت دوژمنایەتیەکی گەورە هەبوو لە نێوان هەردوو قەبیلەی ئەوس و خەزرەج ، بە کۆچکردنی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) ئەو دوژمنایەتی یە نەما ، و برایەتی و خۆشەویستی جێگای گرتەوە ، ئەمەش خاڵی بەهێزی بانگەوازی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بوو ، ئیسلام هات جیاوازی چینایەتی و ڕەنگ و کویلە و گەدای نەهێشت و هەموو لایەکی کردە برای یەکتر .

لە کۆتایدا تەنها ئەوە ماوە بڵێم کۆچی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) بۆ مەدینە هەڵهاتنی نوور و بەرەکەت و ڕۆژگاری ئیسلام بوو بۆ تەواوی سەر زەوی .

سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين والحمد لله رب العالمين

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى اله وصحبه وسلم .